# چاكێتی زستانە چۆن هەڵدەبژێری؟



**دیانا ڕەشید / سلێمانی**

هاتنی وەرزی زستان و گۆڕانكاری لە مۆدە و جلەكاندا، شێوازێكی نوێی جوانكاری دەخەنە ڕوو، وێڕای زۆری لە مۆدەكاندا، بەڵام دەتوانین یەكێك لە جلەكان بە جلی سەرەكی هەڵبژێرین و بیپۆشین، ئەو جلە باوەی لە وەرزی زستاندا گرنگی پێدەدرێ بریتییە لە چاكێت، كە بەشێك لە خانمان زۆر گرنگی بە ستایل دەدەن لەگەڵ هەر وەرزێكدا، ئێمە لێرەدا زیاتر باس لەو خانمانە دەكەین كە لەش و لارێكی ڕێكیان هەیە، چونكە بۆ ئەو جۆرە ستایلە زیاتر دەبێ خانمەكە لەشی جوان و باریك بێت، بۆ ئەم ساڵ وەكو دەستپێكی هەموو ساڵێك زیاتر گرنگی بە ڕەنگە تۆخەكان دەدەرێ، هەروەها ئەو خانمەی ئەو جۆرە چاكێتە دەپۆشێ، دەبێ قژی كۆكراوە بێت واتە بەستراو بێ، چونكە ستایلی چاكێتەكان لەبەشی سەرەوەیەتی و ئەو جۆرە چاكەتانە لەگەڵ پانتۆڵ یان ستریَج ناگونجێ، واجوانترە لەگەڵ تەنوورەیەك لەبەری بكەیت، بەڵام نابێ لە ڕەنگی چاكێتەكە بێت، یان هەردووكیان هاوڕەنگ بن، بەهۆی ئەوەی ستایلی چاكێتەكە دەدرەوشێتەوە زیاتریش جوانتر دەبێ لەگەڵ ڕەنگی پشتێنەكە یەكبخرێت.

# جلی زستانەی ئافرەتانی دووگیان



جلوبەرگ هەر شێوازێك بە پێ هەڵبژاردن، كات و ساتێكی بەخۆیەوەی هەیە، كاتێك خانمان لە ماڵ دەبن یان لە دەرەوە، یان لە هەر تەمەنێكی ژیانیاندا، پێویستی بە جۆرەها جلوبەرگ دەبێ، لە كاتێكدا هەندێك جار دەبێ گۆڕانكاری و شێوازەكانی جلوبەرگ بگۆڕین و تاوەكو لە مۆدەیەكی شایستەدا جوانیمان دەربكەوێت، ئافرەتان كاتێك دووگیان دەبن و بەهۆی دوو گیانی، جەستەی ئافرەتان گۆڕانكاری بەسەردا دێ و بەرەو گەورەبوونی سگ و زیاد بوونی كێشی لەش، وادەكات كە دەبێ جلوبەرگی تایبەت بۆ ئەو ماوەیە بپۆشرێ، ئەو جلوبەرگەی لەم ماوەیە دەپۆشرێ، دەبێ لە قوماشی نەرم و شل بێ، یان لە شێوازی هەڵكشاو و مەتات بێت، بۆ بەخشینی كەشێكی خۆش و نەرم بە جەستەی ئافرەتەكە، یان ئەو جلانەی لە پەموو دروست دەكرێن، كە ڕێگەی هەڵكشان و گەورەبوونی هەیە و تاوەكو خانمی دووگیان بە ئاسانی جووڵە بكات و ئەزیەتی نەدات، ئەو چەند نموونەی جلە، دەبێتە شێوازێكی جوان و ڕەوان بۆ مۆدەی جلی ئافرەتانی دووگیانە، هەروەها شێوازێكی سەرنجڕاكێش و ناسكی پێوە دیارە كاتێك دەپۆشرێ و یان جەستەیان بە جلی لەم جۆرە لە مۆدەیەكی ڕازاوە ئامادە دەكەن.







# کراسی کوردی بۆ وەرزی زستان

بەهاوکاری: خاتوو نیشا لە سوید

نیشاخان، وەك دیزاینەر و نمایشکارێکی بەرهەمەکانی خۆی، چەندین ساڵە لە بەرهەمی جوانی جلی کوردی نەوەستاوە و کاریان لەسەر دەکات، تەنانەت لەگەڵ هەر وەرزێك شێوازێکی تازەی جلی کوردی ئامادە دەکات، سەرەڕای ئەوەی گرنگی بە دیزاین و کاری تازەی جلی کوردی دەدات، دواتریش لەلایەن خۆیەوە نمایشـــیان بۆ دەکات، یەکێك لە بەرهەمە تازە و جوانەکانی بۆ وەرزی زســـتان، جلێکی دوو ڕەنگەی تێکـــەڵ لـــە ڕەنگی ڕەش و ڕەنگی زەردی زێڕییە، لە کاتێکدا دەزانین جلی کـــوردی بۆ وەرزی هاوینە، زیاتر لە جلی تەنك و ڕەنگە کراوەکانن، بەهۆی ئەوەی وەرزی زســـتان ســـاردە و ناکرێ ئەو جۆرە جلە کوردییەی لە هاوین و پاییزدا بپۆشرێ، هەمان جل بۆ وەرزی زستان لەبەر بکرێ. شێوازی ئەو جلە لە قوماشێکی ئەستوور و ڕەشی تۆخ دانراوە و لەگەڵ ئێلەگێکی ڕەنگی زەردە لە شـــێوەی ڕەنگی زێڕی تۆخدایە، هەروەها بوونی گوڵ و نەخشـــی زەردێکی کاڵ لەناو جۆری قوماشـــەکەدا، دەبێتە ڕێگەیەك بۆ یەکخســـتنی ڕەنگی ئێلەگ و زەردی قوماشـــەکە، تەنانەت جگە لەوەی گونجاندنێکی تەواو هەیە نێوان ڕەنگی زەرد و ڕەش هەیە، بە تایبەت بۆ جلوبەرگ، ئەم کراسەش دەبێتە یەکێك مۆدە جوان و شایستەکانی بواری جلی کوردی.






## ئێکسسوارەکانی بەستن و جوانکردنی قژ

ئێکســـوارەکان بـــە هەر شـــێواز و مۆدەیەك، پێویســـتیان بە گۆڕانکاری تـــازە دەبێ، چونکە بەپـــێ بایەخی خۆی جوانی دەبەخشـــێ و کاریگەری لەســـەر قـــژی خانمـــان دەبێت، ئەو ئێکســـوارانەی شێوازێکی ناســـك و ڕەوان دەبینن کاتێك لە قژ دەدرێ، یان کاری بەستنی قژی پێ دادەنرێ، شێوازە جوانەکانی ئێکســـوارەکانی قژ، لە شـــێوەیەکی ســـادە و ناسك پێکدێ و بێگومان ئێکســـوارەکانی هەر وەرزێـــك جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوانـــی دیکەدا، ئەمەش بە گوێرەی خواســـتی ئەو خانمەیە کە حەزی بە چ جۆرە ئێکســـوارێکە، لە وەرزی زســـتاندا چەندین شێوازی جۆراوجۆر لە ئێکسسوارەکانی قژ دەردەکەون، هەندێکیان لە قوماشـــێك پێکدێ کە دەخرێتە ناوەڕاستی سەر، ئەمەش وەك پارێزگاری کردن لە سەرما و هەروەها مۆدەیەکی جوانیش دەبێ، یان لە شێوەی بازنەیی دەبێ و لە ناوەڕاستی یان بەشی پێشەوەی ســـەر دەخسترێ، تاوەکو کاری بەســـتنی قژ بکات، هەروەها بە جوانیش دەربکەوێت، هەندێکی دیکەش لە شێوەی سکارف دەبێ، وەك ئەوەی ســـکارفی مل بێ و بەڵام دەخرێتەوە ســـەر قژیش، کە ئـــەوەش مۆدەیەکی نایاب دەخاتـــە ڕوو، ئەمانەش هەر یەکە جوانییەکی درەوشاوەی هەیە بۆ بەستن و جوانکاری قژ.





## ئەو کچەی سمێڵ و ردێنی هەیە

زۆرن ئەوانەی بەهۆی نەخۆشیی جەستەیی و دەروونییەوە دەناڵێنن و هەندێکیان لە ڕۆژانەی ژیان تووشیان بووە و هەندێکیشیان لەو کاتەی لە دایك دەبن تووشی ئەو حاڵەتانە دەبن، کچێکی وڵاتی چین، دوای ئەوەی تووشی نەخۆشیی کەم خوێنی دەبێ و ماوەی ساڵێك لە چارەسەریدا، بۆیە دەرمانێکیان بۆ دانا و چارەسەری بوو لە دەست کەم خوێنی، بەڵام دواتر کارەساتێکی دیکەی بەسەردا هات ئەویش هاتنی مووی سمێڵ و ردێنە بەهۆی ئەو دەرمان خواردنەوە. ئەو کچە ناوی (نانا)یە و تەمەنی (١٦) ساڵە، وێڕای چاکبوونەوەی لە نەخۆشیی کەم خوێنێ، کەچی ئێستا لە سەرتاپای جەستەی موو گەشە دەکات و هۆرمۆنی بەرپرس لەو لایەنە زیاد دەڕژێت و بەمەش وەکو پیاو مووی گەشە دەکات و سمێڵ و ردێن و مووی جەستەی بەردەوام لە زیاد بووندایە.




## بووکە بە بارانێ

بووکە بە بارانێ چییە و بۆچی کراوە؟ لە چ کاتێك زیاتر ئەو کارە دەکرێت، بووکە بە بارانێ دیاردەیەکی کۆن و لە مێژینەی کوردەوارییە و لە دێر زەمانەوە ئەنجام دراوە، بووکە بە بارانێ وەك باوەڕێك بۆ باران بارین کراوە، لە وەرزی پاییز و سەرەتای زستان کە کاتی باران بارین بووەو باران نەباریوە و پێویستیان بە باران هەبوو بۆ دەغڵ و دان ئەو کارەیان کردووە، کۆمەڵێك گەنج کۆدەبنەوە یەکێك لەوانە کارە سەرەکییەکە دەکات کە بووکەکە هەڵدەگرێت و جلی تایبەت لەبەر دەکات لەبەر ئەوەی زۆرترین ئاو بەرئەو دەکەوێت، بووکێکی گەورە ئامادە دەکەن لە داربێت یان پلاستیك یان قوماش و یان زۆر جار دارێك لە شێوەی سەلیب دەهێنن و جلێکی کوردی ژنانەی لەبەر دەکەن و بە دارێکەوە کەسێك بەرزی دەکاتەوە و لە کۆڵانەکان دەسووڕێنەوەو دەڵێت «هەیاران و مەیاران خوایە بیکاتە باران بۆ فەقیر و هەژاران» ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە خەڵکەکەش لە سەر بان یان لە بەردەرگا بە هەر شتێك بێت ئاو دەکەن بەسەر بووکەکە یان کەسەکە یان خێر دەکەن بەو کەسانەو زۆر جاریش خواردن و کەلوپەل دەبەخشنەوە بە ئامانج و دروشمی ئەوەی ببێتە مایەی ڕەزامەندیی خودای گەورە باران بباریێت، بووکە بە بارانێ زیاتر لە دوای عەسر دەست پێدەکات زۆر جار هەتا ئێوارە بە بەردەوامی دروشمی هەیاران و مەیاران خوایە بیکاتە باران بۆ فەقیر و هەژاران دەڵێنەوە خەڵکی گەڕەك و کۆڵانیش لەگەڵ ئەوان دەڵێنەوە دوعا دەکەن باران بباریێت.


## خانووی بچووک و گەشتیاری و گوێزراوە

سەرەڕای ئەوەی هەوڵ دەدرێ کێشەی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکرێ، بەڵام بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، ئەو کێشەیە وەك پەتایەك لە خەڵك بەرنابێ و کێشەی کرێ و کەمیی شوێنی نیشتەجێ و خانوو بۆ ئەوانەی بێ خانوون، هەمان کێشەش وڵاتی چینیش هەیە، بۆیە بیرۆکەی خانووی بچووك و گەشتیاری و گوێزراوە دەرکەوتووە، کە بریتییە لە خانووێکی بچووك، لە قوماش و نایلۆن و پلاستیك دروست کراوە، ئەو خانووە کاتێك کۆ دەکرێتەوە نزیکەی (٨) مەترێکی چوارگۆشەیی دەبێ، دەتوانرێ هەر بە پایسکل بگوازرێتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، دوای ئەوەی بڕیارت دا لە شوێنێك نیشتەجێ بیت، لەوکاتە دەست دەکەی بە کردنەوەی خانووە بچووکەکە، گشت شوێنێکی تێدایە، وەك شوێنی نووستن و خواردن و دانیشتن، تەنانەت کتێبخانەیەکی بچووکیش لە خۆ دەگرێ بۆ خوێندنەوەی کتێب.

# ئەو وێنانەی بەدەست کراون لە ڕاستی دەچن!







کاری ئەو کوڕە گەنجەی وڵاتی چیك (دینۆ تومیتش) و تەمەنی (٢٤) ساڵانە وێنەکێشانە، بەڵام بەم دواییە بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات و توانی زۆربەی ئەوانەی سەیری وێنەکانیان دەکەن سەرسام و مەست بکەن، پێشتر وێنەی کێشاوە کە زیاتر لە وێنەی ڕاستەقینە دەچێ، واتە ئەگەر لە نزیکەوە سەیری وێنەکان بکەی بۆت دەردەکەوێ کە ئەوە وێنەیە، ئەگینا لە دوورەوە وەك ئەوە دیارە بە کامێرای پێشکەوتوو گیرابێت. بەهۆی بەکارهێنانی قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەساس و ڕۆنی (ئەکریلیك) کە ماددەیەکە بۆ وێنەکێشان بەکاردێ، ئەو کوڕە گەنجە توانیویەتی چەندین وێنەی سەیر بکێشێ، بە جۆرێك کەس بڕوا ناکات ئەوە بە دەستی کەسێك وێنەی کێشرابێ، وێنەکانیش بەڵگەن بۆ ئەو قسانە و دەتوانن جیاوازییەکان ببینن.





# سۆبەی دار<br>ماڵەکان گەرم دەکاتەوە

لە پێشوودا چەندین بیرۆکەی جوان، کاری جوان ئەنجام دەدرا، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە بیرۆکە جوانیەکانیان بۆ ژیانی ڕۆژانەدا، تەنانەت هەندێك لە کارەکانی باو و باپیرانمان، ئەوەندە سادە بوون، کەچی زۆر بە سوود بوون و تاوەکو ئەمڕۆش کاریان پێدەکەن و سوودی لێ وەردەگرن، یەکێك لەو بیرۆکە جوانانە سۆبەی دار بووە، سەردەمێکە لەناو کوردا و لە ناوچە شاخاوی و گوندنیشینەکاندا ئەو ئامێرە بەسوودە هەیە، هەر لە وەرزی هاویندا پیاوان و ئافرەتانی کورد سەر لە دار و ڕەزەکانی سەر شاخەکان دەدەن بۆ بڕین وکۆکردنەوەی دار، دواتریش ئامادەی دەکەن لە پارچەی بچووك هەڵیدەگرن تاوەکو سۆبای دار دەکەوێتەوە گەڕ، لەگەڵ هاتنی سەرمای وەرزی زستان، سۆبای دار دادەنرێتەوە و لوولەکەی لە سەرەوەی ئەو شوێنەی لێ دادەنرێ دەچێتە دەرەوە، سۆبای دار لە شێوەی ستوونێکی بچووك وایە، یان بەرمیلێکی بچووك، لە خوارەوە شوێنی خستنە ناوەوەی داری هەیە، وەك دەرگایەکی بچووك وایە، لەسەرەوەش لوولەیەکی هەیە کاری ئەو لوولەیە دووکەڵی ئاگرەکە هێواش هێواش بەرەو سەربان دەبات، هەر ڕۆژە و کۆلکە دارێکی یان دووانی دەخرێتە ناوی و بەوەندە تا درەنگانی شەو کار دەکات، وێڕای ئەوەی گەرمی و خۆشییەکی هێمن بە ژوورەکە دەدات و گەرمی دەکاتەوە، بەشی سەرەوەشی جێگەی کتلی چای یان بۆ گەرم ڕاگرتن وئامادەکردنی چێشت دەبێ و خانمانیش کاری خۆیان پێدەکەن.






# نەشتەرگەریی جوانکاری لە نێوان سوود و زیاندا

نەشتەرگەری جوانکاری، باوێکی گرنگی هەیە لەم سەردەمەدا، تەنانەت زۆربەی کەسایەتییە جیهانی و ناودارەکان ئەو کارە دەکەن، دەڵێن : نەشـــتەگەریی جوانکاری وەکو شووتی وایە، یان بەختت دەبێ و جوان دەردەچێ، یان بە پێچەوانەوە زیاتریـــش کاریگەریی خراپتـــری دەبێ، لەم وێنانە دەبینن کە چەند حاڵەتێك هەن، هەندێکیان ســـوودێکی گەورەیان لە نەشتەرگەرییەکە بینیوە و ئەوەی دیکەش بە پێچەوانەوە.

## زاخـــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بەفرانبار) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سارد)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاوێك بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٧+٢+٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕەق)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە ژەهری لە دەمدا هەیە)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئـەوەنـدە مێشکت بـەشـتـی لاوەکـی خەریك مەکە، ڕەنگە باری تەندروسیت ڕوو لەخراپی بێت، دڵی خۆشەویستەکەت مەڕەنجێنە کە دەزانی پێویستیت پێیەتی.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

تۆ کەسێکیت کە هەمیشە بـڕوات بەسەرکەوتنی خۆت هەیە لەگشت بوارەکاندا، بەڵام ئەمڕۆ لەئەنجامدانی کارێکدا دوو دڵیت، هەوڵبدە زیاتر لەخۆشەویستەکەت نزیك ببیتەوە تا لەئازارەکانی بگەیت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەوەندی تەماعیت کە دەتەوێت بەزووتـرین کـات ببیتە خاوەنی گەورەترین سامان و داهات، ئەمەش بۆ هیچ کەسێك ڕووی نەداوە تا بۆ تۆ ڕوو بدات، بۆیە دڵتەنگ دەبیت و فشارێکی زۆر دەخەیتە سەر خۆشەویستەکەت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەکارەکانتا گرفت بۆ خـۆت دروســت مەکە، هەروەها لەبواری خۆشەویستیشدا هەوڵدە کێشە بۆ خۆت دروست نەکەیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەتان، هاوڕێیەکت پێویستی پێتە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

گـــشـــت ئـــەو گـۆڕانـکـاریـیـانـەی کە لەژیانتا ڕوودەدەن لەبەرژەوەندیی تۆدا دەبن، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ بەرەو پێش چوون و سەرکەوتن ماوەیەکی باشە بۆبەستنی پەیوەندیی خۆشەویستی .



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەمڕۆ پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یاخود لەگەڵ کەس و کارتدا بەرەو خراپی دەچێت، کە ئەمەش وات لێدەکات پەست بیت لەژیان، هەوڵبدە فەرامۆشیان نەکەیت، بەڵکو هەوڵبدە چارەسەری گرفتەکانت بدۆزیتەوە.

## وتەی ناوداران



**- ڤان گۆتە سەبارەت بە ئازادیی تاکە کەسی دەڵێ:**

ئەگەر ویستت ئازادی لە پیاوێك وەربگریتەوە، ژنێکی دەوڵەمەندی جوانی بدەرێ...!!

## وتــە

**- ئـەو پیـاوەی کـە هەڵســوکەوتی لەگــەڵ ئافرەتێکدا وەکو شاژن دەکات، بزانــە ئــەوە بەڵگەیەکە، ئەو کەسە لەسەر دەستی شاژنێکدا پەروەردەکراوە.**

**- لەمێشــکی هەمــوو منداڵێکی بچووکــدا حەزی گــەورە بوون هەیــە و هەموو کەســێکی گەورەش کە چۆتە تەمــەن دەیەوێ بــۆ منداڵی بگەڕێتەوە، منداڵەکان بەحەزی خۆیــان دەگەن و گەورە دەبن، کەچــی گــەورەکان هەرگیز خەونی بوونەوە بەمنداڵیان بۆ نایەتە دی.**

## ژمارەکانی نووسین لە بیرکاری

ملیۆن = ٦ سفر
ملیار = ٩ سفر
بلیۆن =١٢سفر
بلیار= ١٥ سفر
ترلیۆن=١٨ سفر
ترلیار= ٢١ سفر
کریلیۆن=٢٤ سفر
کریلیار= ٢٧ سفر
سنکلیۆن = ٣٠ سفر
سنکلیار = ٣٣ سفر
سیزیلیۆن = ٣٦ سفر
سیزیلیار = ٣٩ سفر
سیتێلیۆن = ٤٢ سفر
سیتێلیار = ٤٥ سفر
ویتلیۆن = ٤٨ سفر
ویتیلیار = ٥١ سفر
تیفیلیۆن = ٥٤ سفر
تیفیلیار = ٥٧
دیشیلیۆن=٦٠ سفر
دیشیلیار=٦٣ سفر

## پێڵاویش ماڵ پاک دەکاتەوە



ئەو جۆرە پێڵاوە لە شـێوەیەکی جوان و سـەیر و بەسوود دروسـت کراوە کە پێیدەگوترێ سـەندەڵ، جگە لەوەی وەك سـەندەڵێك وایە و لەناو ماڵدا لە پێ دەکرێ، کەچی لەهەمان کاتیشدا کاری پاککردنەوە دەکات، چونکە ژێرەوەی سەندەڵەکە لە فلچەی نەرم دروستکراوە، لەو کاتەی ئەو کەسـە دەڕوات یان جووڵە دەکات، سـەندەڵەکە ژێرەوە پاك دەکاتەوە وئەمەش کارێکی جوان و بیرۆکەیەکی جوانە، ئەگەر لە ماڵدا هەر کەسێك سەندەڵێکی وای لەپێ بێت، بێگومان ماڵەکە هەردەم پاك دەبێ.



## وێنە و بیر کردنەوە


- کچێك جەسـتەیەکی ناسك و لاوازی هەیە، کەچی قۆڵ و باسـکێکی وەرزشـی و بەهێزی هەیە، ئەگەر چی وێنەکە فیلکاری چاوی بۆ کراوە و هەوڵبدە نهێنییەکە بدۆزیتەوە !

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بەشێکی جەستەی مرۆڤت بۆ دەردەچێت :

و ە س ر ا پ و

وەڵامی ژمارەی پێشوو: شەختە



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەهۆی بەهێزی توانات چەند پرۆسەیەك ئەنجام دەدەیت کە سوودێکی زۆرت پێ دەگەیەنێت، لەبواری داراییدا ئاسوودەییەکی زۆر لە ڕێگاتە، ژیانی کۆمەڵایەتیشت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە ماوەیەك لەمەو پێش ئەنجامت دابوو لەبواری کارەکەتدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ سوودی لێوەربگریت، ئەو کێشەیەی کە توشت دەبێ وات لێدەکات ئاگات لەخۆشەویستەکەت نەمێنێ.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەو کێشەو گرفتانەی کە ماوەیەکە هەتبوون وردە وردە بەرەو نەمان دەچن دەمەقاڵێت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەبێ، دەبێ زۆر هێمن بیت تا زۆر نەخایەنێت، خۆشەویستەکەت ڕۆڵێکی ئیجابییانە لە قسەکانت دەگێڕێ.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەم ماوەیە گشت تواناکانت بخە گەڕ تا بگەیت بە خەونەکانت بەهیواوە سەیری دواڕۆژ بکە، بۆ هەموو کەسێك دڵساف مەبە چونکە هەموویان دۆستی تۆ نین تا خۆشیی تۆیان بوێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەو پرۆژانەی کە دەیخەیتە بەرچاوی دەوروبەرت دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانیان، هەوڵبدە کە دڵی خۆشەویستەکەت ڕازی بکەیت، پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەیت بەئاگادارییەوە بڕوانە پرۆژەکەت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەگشت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بەوریایەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.



## نوکتە

■ دەرۆزەکەرێك بە یەکێك دەڵێ : وەك پیاوێکی چاك (١٠٠٠) دینارم بدێ، هەندێك نانی فڕنی گەرم بکڕم و بیخۆم، یەك مانگە زیاترە نەمخواردووە نازانم تامەکەی چۆنە و چی لێهاتووە، ئەوەی دیکەش ڕەزیل دەبێ و نایەوێ پارەکەی بدات و دەڵێ: مەیخۆ باشترە، هەمان تامی جارانی لێدێ !

■ سێ گێل دەستیان لە تەکسی ڕاگرت و سوار بوون شوفێری تەکسی زانی گێلن، سولفێکی لە سەیارە داو کوژاندییەوە گووتی گەیشتین، یەکێکیان پارەی دا ئەوەی دیکە سوپاسی کرد، ئەوەی سێیەم لە تەکسی هاتە خوارەوە و زلەیەکی لە شۆفێری تەکسی دا، شوفێرەکەش وای زانی کە زانیویەتی پێی رابواردوون گوتی بۆ ئەو زللەیەت وەشاند؟
گێلەکەش گوتی جارێکی تر ئاوا خێرا لێمەخووڕە !